# نەفست

بفرۆشە بەخوا

مامؤستا علي خان

# نەفست بفرۆشە بەخوا

**شەرحی ئایەتی ﴿مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ أَمْوَالَهُم بِأَنَّ لَهُمُ الجَنَّةَ﴾ دەقی موحازەرەیەکی «مامۆستا علی خان» پێش نوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی قازی محمد لە شاری کەلار.**


**نوسینەوەیی وئامادەکردنی بۆ چاپ**

**عبدالحي**

**پێداچونەوەی**

مامؤستا علي



**چاپی یەکەم**

**١٤٣٤**

**مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە**


| | |
|---|---|
| ناوی کتێب | **نەفست بفرۆشە بەخوا** |
| نوسەر | **م.عەلی خان** |
| پێداچوونەوە | **م.علي خان** |
| ئامادەکردنی | **عبدالحی** |
| نەخشەسازی ناوەوە | **سایتی بەهەشت** |
| دیزاینی بەرگ | |
| ساڵی چاپ | **٢٠١٣-١٤٣٤** |
| نۆرەی چاپ | **یەکەم** |
| شوێنی چاپ | **سلێمانی** |
| تیراژ | |
| ژمارەی سپاردن | **ژمارە سپاردنی ( )ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە.** |

# پێشەکی ئامادەکار

ـدَ لله نَحْمَدُهُ، وَنَسْتَعِينُهُ، وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِالله مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا، وَمِنْ
سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ
ـرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

ـينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلا تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ [آل عمران: ١٠٢].

ـرَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ
ـمَا رِجَالاً كَثِيراً وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً﴾.
[النساء: ١].

ـينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ
ـنْ يُطِعِ اللهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزاً عَظِيماً﴾ [الأحزاب: ٧٠-٧١].

ـدَقَ الحَدِيثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ وَشَرَّ الأُمُورِ
ـحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ.

**خوێنەری بەڕێز:**

ئەم نوسراوەی بەردەستت: دەقی موحازەرەیەکی مامۆستای بەڕێز ((م.علی خان))ـە کە تفسیری ئایەتی: ((١١١))ی سورەتی تەوبە دەکات کە بریتیە لە ئایەتی: ﴿إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَىٰ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُم بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ﴾ جا لەبەر گرنگی وبەکەڵکی باسەکە وجوان ڕوونکردنەوەی لەلایەن مامۆستای بەڕێزەوە هەستام موحازەرەکەم بەتاڵکردە سەر کاغەز، بەڵکو بۆ خۆم وبۆ ئێوەش ببێتە مایەی یادخستنەوە وکەڵك وەرگرتن إن شاء الله.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەوەی کە دیاردەیە وبەزۆری هەستی پێدەکرێت

بریتیە لە نەفس پەرستی، ئیتر هەرکەسێك وبەگوێرەی خۆی هەیە زۆر وهەشە کەم.

تەنانەت نەفسپەرستی وشوێن کەوتنی نەفس گەیشتۆتە ڕادەیەك بەشی خوای پەروەردگاریشی تێدا خوراوە وهەقی خوای تێدا زایەکراوە.

لەوانە تەماشا دەکەیت ڕۆژ تا ئێوارە هەوڵدەدات وتێدەکۆشیٰ وپارە دەردکات -ومن هیچ گلەییم نیە لە پارە دەرکردن بە حەلاڵی- بۆ ماڵ و منداڵی، بەڵام کە کاتی نوێژ دێت وبانگبێژ لە مزگەوتەوە بانگت ئەکا «حی علی الصلاە، حی علی الفلاح» «وەرن بۆ نوێژ کە ڕزگاربوونە لە نەفس وئارەزووتان بەرەو بەهەشتی خوا». ئایا تۆی برام دەست لەکارەکەت هەڵ ئەگریت بۆ ماوەی تەنها دە دەقیقەیەك هەستیت بە ئەنجامدانی هەقی خوا وەکو چۆن هەقەکانی تر جیٰ بەجێدەکەیت؟! پەنا بەخوا گەر وانەبین!

گەر بێت وپرسیارێك لەو کەسانە بکرێت: «ئایا خۆت بە موسوڵمان ئەزانی؟ ئەڵیٰ: بیٰ گومان، ئایا پیغەمبەرت ﷺ خۆش ئەویٰ؟ ئەڵیٰ: خۆم ودایك وباوکیشم ئەکەم بە قوربانی»، ئەی بۆ برام ئیتر بۆ ناچیتە دەم بانگەکەوە کە بانگت ئەکات؟! ئەڵیٰ: ئێ .. ئاخر ..

جا وەکو وتمان جۆراوجۆرە ئەم پەرستراوانە، جۆرێکیان بریتیە لە نەفس پەرستی، بەڵام هیچیشان پەرستراوی حەق نین تەنها اللە نەبێت.

**هەندێك بەندەی پارە وماڵ وسامانن.**

هەوڵی بۆ ئەدا وتێئەکۆشیٰ وشەونخونی بۆ دەکا وگوێش نادا لە حەرامەوە یان لە حەلاڵەوە، خوا ڕازیە یان تورە، گرنگ دیناریٰ ودۆلاریٰ

زیاتری دەستبکەویٚ !

**هەندێك بەندەی کورسی ودەسەلاٚتن**

تێئەکۆشیٚ لەو پێناوەدا، چەندین سەر ئەخاتە خزمەت ئەو حەزەیەوە، بە هەق یان بە ناهەق گرنگ کورسی ودەسەلاٚتە.

**هەندێك بەندەی ناو و ناوبانگن.**

هەموو هەم وغەمێکی ئەوەیە ناوبانگ پەیدا بکات بۆ ناهەقی وبە ناهەقی.

**هەندێك بەندەی دار وقەبر وشەخصەکانن.**

دەڕوا ئەو بەندایەتیەی هەقی خوایە دەیکا بۆ دارێك، یان قەبرێك، یان شەخصێك .. هتد

**هەروەها هەندێك بەندەی مۆزە ومۆدێلن وعاشقی ئەوەن.**

لەوانەش کە پێوەی ئالودە بون وڕۆچون خوشکانن، ومن قسەم لەسەر نامسوڵمانەکان نیە یان ئەوانەی وەکو ئەوان دەکەن، بەڵکو شینی من بۆ خوشکانی بالاٚپۆشە، بۆ ئەو خوشکانەیە کە پۆشاکی حەیا وحورمەت وڕەوشتبەرزیان پۆشیوە وئالاٚی ئیسلامیان شەکاندۆتەوە بە پۆشاکەکەیانەوە.

ئەمەیان حیجابی تورکیە وئەویان حیجابی هیندیە وئەوی تریان ئێرانیە(!!!)، بەلاٚم بەخوا هیچیان نابنە ئەو پۆشاکەی کە خوا عزوجل وپەیامبەرەکەی ﷺ ئەمریان پیٚ کردووە. ئەمانەش هەڵبەت لەبەر حەزی نەفس دەیکەن.

گەرچی ئەمە ناوەڕۆکی باسەکە نیە، بەلاٚم وەك نموونە بۆ نەفس وهەوا

وئارەزو پەرستی هێنامەوە.

ئەمانە وهاوشێوەکانی هەموی قیزەونن بەڵام ئەوەی ناشیرینتری دەکا بەناوی دینەوە بکرێن، ئەمەیان زیاتر مایەی خەم ودڵتەنگیە.

جا چی بکەین تا نەفسمان تەنها بۆ خوا بێت؟

وچۆن نەفس بفرۆشینە خوا؟

وخوای پەروەردگار چیمان ئەداتیٚ لەبەرامبەدا؟

زەرەرمەندی لەچیدایە ؟

خوشکە بەحیشمەتەکەم .. برا بەڕێزە بۆ خوا صولْحاوەکەم :

سەرنج بدە تا بۆت ڕوون ببێتەوە چۆن خۆت لە نەفست دەرباز دەکەی وڕوو لە ڕەزابوونی اللہ دەکەی، ئێستاش ئەڕۆینە خزمەت موحازەرەکە... کە خۆم لێی سودمەندبووم بە ویستی خوا جا خوای مەزن ئێوەش سودمەند بکا لێی.

✍ پێشەکی ئامادەکار

**عبد الحي**

ن اللهَ شەرحی ئایەتی: ﴿إِنَّ اللهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُم بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ﴾

لەگەڵ: چۆن بزانم خواپەرستیەکەم وەرگیراوە مانگی ڕەمەزان وەك نموونە،

لەگەڵ: کورتە باسێك لەبارەی موراقەبەی خواوە:

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا، وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ [آل عمران: ١٠٢].

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾. [النساء:١].

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعِ اللهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾ [الأحزاب: ٧٠-٧١].

فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ.

خۆشەویستەکانم.. داواکارم لە خوا بە فەزڵ کەرەمی خۆی چۆن لەسەر تاعەت وعیبادەتی خۆی لە ماڵەکەی خۆیدا کۆیکردوینەتەوە ئاوهاش لە بەهەشتە پانوبەرینەکەی خۆیدا لەگەڵ سەرداری مرۆڤایەتیدا کۆمان بکاتەوە بەڕێزان.. خۆتان ئەزانن وا بەرەو کۆتایی ڕەمەزان ئەڕۆین ولە دواساتەکانی مانگی ڕەمەزاندایین، لە ماڵئاواییدان، تۆ بڵێی چەندێکمان ڕوو سپی بین لەم مانگەدا، چەندێکیشمان ڕوو ڕەش بین -پەنا بە خوای مەزن-.

ڕۆژێکیان پەیامبەری خوا ﷺ سەرکەوتە سەرمینبەر، کە پێی خستە سەر یەکەم پلەی مینبەرەکە فەرمووی ئامین، لە دووەم پلەش فەرمووی ئامین، لە سێیەم پلەش فەرموی ئامین، عەرزیان کرد قوربان لەعادەتی تۆ نەبووە ئەم ئامینە بکەیت کاتێ سەرئەکەویتە سەر مینبەر؟!

فەرمووی: ئەوە جوبرەئیل بوو دوعای دەکرد، منیش ئامینم ئەکرد .

فەرمووی: لوتی بە خۆڵ بچێ ئەوەی کە ئەگاتە ڕەمەزان وخوا لێی خۆش نابێت، لوتی بە خۆڵ بچێ ئەوەی کە ئەگاتە دایك وباوکی بە پیری وخوا لێی خۆش نابێت، لوتی بە خۆڵ بچێ ئەوەی ناوی منی لەلا دەهێنی وسەڵاواتم لەسەر نادات[1].

لوتی بەخۆڵ چێ یانی: زەلیل بێت، سەر شۆڕ بێت، سەرکز بێت.

ئەزانن بۆ؟ چونکە زۆرجار کە مرۆڤ تاوان دەکات دەیکات بە ملی شەیتانەکەیەوە، ئەڵێ: شەیتان پێیکردم، بەڵام ئەوەتا لە مانگی ڕەمەزاندا شەیتانەکان بەستراونەتەوە، ئیتر بۆ؟ کەواتە نەفسی بەدکاریەتی فەرمانی پێدەکات بە خراپی وچەپەڵی، کەواتە ئەو نەفسە زۆر بێ ڕێز وسەرکزە کە لە ڕەمەزان خۆی پاکناکاتەوە، بەڕاستی نەفسێکی زەلیلە، بەڕاستی لوتی بە خۆڵ بچێ وا مانگی ڕەمەزان دێت ونایکاتە هۆکاری لێخۆشبوونی خوا.

پەیامبەری خوا ﷺ ئەفەرمووێ: «قَدْ حَضَرَكُمْ شَهْرٌ مُبَارَكٌ»، واتە: «وا مانگێکی موبارەك وپیرۆز هاتوە» «فِيهِ لَيْلَةٌ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْرٍ»، واتە:

---

[1] حديث صحيح، رواه المنذري في الترغيب والترهيب، وصححه الألباني في فضل الصلاة وهذا لفظه.

«شەوێكی تێدایە لە هەزار مانگ خێری زیاترە»، «مَنْ حُرِمَ خَيْرَهَا فَقَدْ حُرِمَ الخَيْرَ كُلَّهُ، ولاَ يُحْرَمُ خَيْرَهَا إلاَّ مَحْرُومٌ»[1]، واتە: «ئەوەی لە خێری ئەو شەوە بێ بەش بێت، ئەوە لە هەمو خێرێك بێ بەش بوە».

دەسا خوایە گیان لە بێبەشەكانمان نەگێڕیت ئەی بەدیهێنەری ئەرز وئاسمانەكان !

كەواتە: بە چی ڕەمەزان بكرم؟ بە چی ڕەمەزان بە دەست بهێنم؟ بە چی ڕەمەزان ببەمەوە؟ وەڵامەكەی ئاسانە: بە جێبەجێكردنی فەرمان پێكراوەكان ودووركەوتنەوە لە حەرامكراوەكان، لەگەڵ ئەوپەڕی خۆشەویستنی خوا وئەوپەڕی ملكەچی وزەلیلی بۆ خوا، یانی نەفست بفرۆشە بەخوا.

باشە ئەوە ڕەمەزان ڕۆیشت بەچی بزانم خوا لێی وەرگرتوم یان لێی وەرنەگرتوم؟ وەڵامەكەی ئاسانە: بزان چەنێك كاتەكانی خۆتت بەخشیوەتە خوا.

ئەگەر لە ڕەمەزان كاتەكانت بە خوای رب العالمین بەخشیوە، ئەوە مژدەت لێبێ پاداشتەكەت بەهەشتە.

بەڵام ئەگەر كاتەكانت بە شتی پوچ وبێ سود وبێ كەڵك بەسەر بردوە، كە كاتەكانت بریتی بوبێت لە: خەو وياری وگاڵتە وپێكەنین وڕابواردن وپاڵ لێدانەوە، یان بە شتی زیان بەخش بۆ قیامەت بەسەر بردوە، وەك: مەيخواردنەوە ودۆمینەكردن وتاوڵەكردن وكاغەزان وڕابواردن لەگەڵ ئافرەتان

---

[1] حديث حسن، رواه المنذري في الترغيب والترهيب، وصححه الألباني في صحيح الجامع وهذا لفظه.

وهتد حەرامەکان.. ئەوە مژەت لێبێت تۆ ڕەمەزانت نەگرتووە، ئەوە مژەت لێبێت تۆ ڕەمەزانت دۆڕاندوە نەتبردەوە.

## یاسایەکی ژیان فێربن -کە خوا وای بۆ داناوە-

قاعیدەیەکی ژیان هەیە فێری بن خۆشەویستەکانم، یاسایەکی ئەم ژیانەیە، ئەویش ئەوەیە:

هەمو شتێك بە هەوڵ وکۆشش وتەقەلاکردن بەدیدێت، وئەم هەوڵ وماندوبونەش بە گوێرەی گەورەیی ئەو ئامانجەیە هەوڵی بۆ دەدات دەگۆڕێت، کە ویستت لە سلێمانیەوە بڕۆی بۆ هەولێر ماندوبونەکەی وەکو ڕۆیشتن نیە لە سلێمانیەوە بۆ بەسڕە، کە ویستت بڕوانامەی دبلۆم بە دەست بهێنیت ماندوبونەکەی وەکو ئەوە نیە بڕوانامەی دکتۆرا بەدەست بهێنیت وببیت بە «أستاد» «پرۆفیسۆر»، جا کەواتە هیچ بێ هەوڵ بەدی نایەت، وهەروەها گەورەیی هەوڵ وماندوبونەکە بە گوێرەی گەورەیی ئەو مەبەستەیە بۆی هەوڵ دەدەیت.

جا گەورەترین ئامانج مرۆڤ هەوڵی بۆ بدات بەهەشتە، بێگومان ئەشبێت گەورەترین هەوڵی بۆ بدرێت تا بە تەواوەتی بە دەست بێت، کەواتە هیچ کەسێك ناتوانێ ئەوەی لای خوایە بەدەست بهێنێت مەگەر دوای هەوڵ وکۆشش نەبێ. سەرنج بدەن خوای میهرەبان دەفەرموێت: ﴿كُلُوا وَاشْرَبُوا هَنِيئًا بِمَا أَسْلَفْتُمْ فِي الأَيَّامِ الخَالِيَةِ﴾ [الحاقة:٢٤]، واتە: «بخۆن وبخۆنەوە بەهۆی ئەو کردەوە چاکانەی لە ڕۆژانی دونیادا ئەنجامتان داوە»، هەروەها دەفەرموێت: ﴿لِكَ

جَنَّةِ خَالِدِينَ فِيهَا جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ [السجدة:٣٢]، **واتە: «ئەوانە ئەهلی بەهەشتن بۆ هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە، لە پاداشتی ئەو کردەوە چاکانەی کردویانە»، ولەم جۆرە ئایەتانە پڕن لە قورئاندا، کە باس لەوە دەکات: لە پاداشتی کردەوە، دەڕۆنە بەهەشت. بەهۆی ئەوەی لە دونیادا دەستت بۆ حەرام نەبردوە، لەبەر ئەوەی لە دونیا کاری چاکەت کردوە ئێستا ئەڕۆیتە بەهەشتەوە.**

**کەواتە ئەبێت خۆشەویسترین شت پێشکەش بکەی تا خۆشەویسترین شتت پێشکەش بکرێت.**

**وەکو خوای مەزن دەفەرموێ:** ﴿لَنْ تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّىٰ تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فَإِنَّ اللَّهَ بِهِ عَلِيمٌ﴾.

**لێرەشەوە حەقیقەتی ئایەتێکی قورئانمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە کە خوا سبحانە وتعالی ئەفەرموێ:** ﴿إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَىٰ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنْفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ وَالْقُرْآنِ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِ مِنَ اللَّهِ فَاسْتَبْشِرُوا بِبَيْعِكُمُ الَّذِي بَايَعْتُمْ بِهِ وَذَٰلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ [التوبة:١١١]، **واتە: «بەڕاستی خوا نەفس ومالی ئیماندارانی لە ئیمانداران کڕیوە ولە بەرامبەری ئەوەشدا بەهەشتی پێ بەخشیون، لەبەر ئەوەی بە نەفس ومالیان جیهاد دەکەن وشەڕ دەکەن ودەکوژرێن، یانی: بجەنگن یان بکوژرێن هەر ئەو بەلێنەیان پێدراوە، ئەمە بەلێنێکە بەسەر خواوە لە تەورات وئینجیل وقورئاندا نوسراوەتەوە، وکەسیش لە خوا بە**

وەفاتر نیە بۆ بەجێ گەیاندنی بەڵێنەکانی لەئاست ئەوانەی ئەوە جێ بەجێ دەکەن بەڵێنیان بەخوا داوە لەسەری، دەسا دڵخۆشی خۆتان دەربڕن ئەی ئیمانداران بەو کڕین وفرۆشتنە وهەروەها بەو بەڵێنەی خوا پێی داون کە بەهەشت وڕەزامەندی خۆیەتی، وئەمەش سەرفرازی هەرە مەزنە)).

ئەم ئایەتە پێمان ئەفەرموێ: خوا سبحانە وتعالی نەفس ومالْ وسامانی ئیماندارانی لە ئیمانداران کڕیوە ولە بری ئەوە چی پێداون؟ بەهەشتی پێداون. لەبەر ئەوەی نەفس ومالّی خۆیان فیدا کردوە لە ڕێگای خوا وبۆ بەرزکردنەوەی ناوی اللّٰه.

ئایا ئەم ئایەتەت لەسەر جێ بەجێ ئەبێت: ئەگەر پێت بوترێت تۆ نەفست فرۆشتۆتە خوا؟ یا نەفست فرۆشتۆتە دونیا؟ ئایا بەڕاستی تۆ نەفست داوە بە خوا ولەبری ئەوە بەهەشتت پێدراوە؟

## نەفس دان بەخوا یانی چی ؟

نەفس دان بەخوا یانی چی؟ یانی تەرخانکردنی لە ڕەزامەندی خوادا.

ئەبێت نەفست ببەخشی ئەوسا لە بەرامبەردا بەهەشتت پێبدرێت، ئەبێ کاتێ نەفست حەزی لە ئاوە تینوی بکەی تا بەهەشت بەدەست بهێنیت، حەزی لە خواردنە برسی بکەی بۆ ئەوەی بەهەشت بەدەست بهێنی، حەزی لە خەوە بێداری بکەی بۆ ئەوەی بەهەشت بەدەست بهێنیت

یانی: کاتێ حەزی لە خواردن وخواردنەوە بوو ڕۆژوو ئەگری پێی لەخوا نزیك ئەبیتەوە.

کاتێ حەزی لە خەوبو شەونوێژ ئەکەی پێی لە خوا نزیك ئەبیتەوە.

بەچی دڵخۆشیەکەوە بەتەمای ئەو بەهەشتە خۆش ومەزن وفراوانە ئەبیت؟ ئەگەر نەفسی خۆتت تەرخان نەکردبێ بۆ خوا.

ئاخر هەموو شتێك بەرامبەر شتێك دەکڕدرێت: شتێك ئەبەخشی لە بەرامبەردا شتێك وەرئەگریت، چیت داوە؟ تا بەهەشتت پێبدرێت؟ ئەی نابێ شتێك ببەخشی لە بەرامبەری ئەوەدا تۆ چاوەڕوانی بەهەشت بکەیت؟ ئاخر بەهەشت هەروا شایستەی کەسێك نیە ڕەمەزان پەرست بێت، ڕۆژو بگرێ ونوێژ نەکا. بەهەشت شایستەی کەسێك نیە تەنها ڕەمەزان بناسێ.

پەیامبەری خوا صلى الله عليه وسلم ئەفەرموێ: «من خاف أدلج، و من أدلج بَلغ المنزل، ألا إن سلعة الله غالية، ألا إن سلعة الله الجنة»[1]. واتە: «هەر کەسێك بترسێت دوژمنەکەی بکاتە سەری، پێش وەخت خۆی ئامادە دەکات ودەکەوێتە رێ، هەرکەسیش زو بکەوێتە ڕێ ئەگاتە شوێنی مەبەستی خۆی، جا ئاگاربن شتومەکی خوا گرانە، ئاگاداربن شتومەکی خوا بریتیە لە بەهەشت».

بۆیە شتومەکی خوا گرانە وەکوو شتومەکی ئادەمیەکان نیە بێ نرخ وبێقیمەت بێ! نەخێر، بەنرخە بۆیە لە بەرامبەردا ئەبێ شتێکی بەنرخ پێشکەش بکەی، لە نەفسیشت بە نرختر نیە، بۆیە ئەبێت نەفست بدەی بۆ ئەوەی بەهەشت بەدەست بهێنی.

## بەهەشت بەچی بەدیدێت؟

---

[1] حديث حسن، رواه الترمذي وحسنه الألباني في الصحيحة.

پەیامبەری خوا ﷺ ئەفەرمویٚ: «إِنَّ فِي الجَنَّةِ غُرَفاً يُرَى ظَاهِرُهَا مِنْ بَاطِنِهَا، وَبَاطِنُهَا مِنْ ظَاهِرِهَا أَعَدَّهَا اللهُ لِمَنْ أَطْعَمَ الطَّعَامَ، وَأَفْشَى السَّلَامَ[وأَلَانَ الكَلَامَ، وَتَابَعَ الصِّيَامَ]،وَصَلَّى بِاللَّيْلِ وَالنَّاسُ نِيَامٌ». واتە: «لە بەهەشتدا مالّی وای تیٚدایە لە ناوەوەی دەرەوەی دەبینی ولە دەرەوەی ناوەوەی دەبینی».

وتیان: ئەی پەیامبەری خوا ئەمە بۆ کیٚیە؟

فەرموی: «بۆ کەسیٚکە خواردن بدات، وسلاّو بلاّوبکاتەوە، وقسەی خۆش وچاك ونەرم بیٚت، ولەسەر ڕۆژو بەردەوام بیٚت، وبەشەو نویٚژ بکات کە خەلّك خەوتون»

هەروەها جاریٚکیان پەیامبەری خوا ﷺ فەرمووی -ئەمەش چەند ڕیوایەتیٚکە پیٚکەوە لکیٚنراون-: «مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا سَيُكَلِّمُهُ اللهُ، لَيْسَ بَيْنَهُ وَبَيْنَهُ تُرْجُمَانٌ [فَيَقُولُ لَهُ: أَلَمْ أَجْعَلْ لَكَ سَمْعاً وَبَصَراً؟ فَيَقُولُ: بَلَى، فَيَقُولُ: أَلَمْ أَجْعَلْ لَكَ مَالاً وَوَلَداً؟ فَيَقُولُ: بَلَى، فَيَقُولُ: أَيْنَ مَا قَدَّمْتَ لِنَفْسِكَ؟] فَيَنْظُرُ عَنْ يَمِينِهِ فَلَا يَرَى شَيْئاً إِلَّا مَا قَدَّمَهُ، فَلَا يَرَى إِلَّا مَا قَدَّمَ، وَيَنْظُرُ بَيْنَ يَدَيْهِ فَلَا يَرَى إِلَّا النَّارَ تِلْقَاءَ وَجْهِهِ، فَاتَّقُوا النَّارَ وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ، [وَأَشَاحَ حَتَّى ظَنَنَّا أَنَّهُ يَنْظُرُ إِلَيْهَا] فَاتَّقُوا النَّارَ وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ، فَمَنْ لَمْ يَجِدْ، فَبِكَلِمَةٍ طَيِّبَةٍ».

واتە: «خۆتان لە ئاگر بپاریٚزن ئەگەر بە لەتە خورمایەکیش بیٚ، خۆ ئەگەر ئەوەش نەبو ئەوا بە قسەیەکی باش وچاك».

کەواتە ئەبیٚ شتیٚك ببەخشی بۆ ئەوەی بەهەشت بەدەست بهیٚنی ئەگەر لەتە خورمایەکیش بیٚت ئەگەر بە قسەیەکی چاکیش بیٚت، خۆ ئەگەر

شتێکیشمان بەخشی وا نەزانین بەهەشتمان مسۆگەرکردوە بۆ خۆمان، بۆ؟ چونکە نازانین لێمان قبولڵ کراوە یان نا؟

عەبدوللای کوڕی عومەر جارێکیان خێرێکی بەخشیەوە، کوڕەکەی وتی: بابە خۆش لە خۆت خوا لێی وەرگرتی، وتی: ڕۆڵەکەم بەو خوایە ئەگەر بزانم دینارێك خێرم لێوەر گیراوە ئەوا حەزم دەکرد بمرم، چونکە خوا سبحانە چاکە تەنها لە تەقواکاران وەردەگرێ: ﴿إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللَّهُ مِنَ الْمُتَّقِينَ﴾.

## جیاوازی نێوان ئێمە وسەلەف چیە؟

با تەماشایەکی ژیانی سەلەفی صالح بکەین ڕەزای خوایان لێ بێت وڕەحمەتی خوایان لێ بێت، چۆن ئەم ئایەتەیان جێ بەجێکردوە وچۆن لێی حالّی بوون.

* هەیانە ئەڵێ واللە ی ئەزانم لە ماوەی یەك مانگدا چەن تاوانم کردووە. ئاوها نەفسی خۆی بۆ خوا تەرخانکردوە وبەخوای فرۆشتوە.

* هەیان بووە دانیشتوە، بیری لە خۆی کردۆتەوە، تەماشا ئەکا ئەوەندە ساڵ تەمەنیەتی، لەم تەمەنەشدا ئەوەندە تاوانی کردوە ئەگەر ڕۆژی ئەوەندە تاوانی کردبێت، بۆیە وتی قوڕم بەسەر ئەمە ئەو تاوانانەیە کە دەیزانم ئەی ئەو تاوانانە چەند بن کە نایزانم !

ئەزانن جیاوازی ئێمە وسەلەفس صالّەح چیە؟

ئەوان کاتێك دائەنیشتن، تاوانەکانی خۆی دەنوسی ودەیزانی چی کردووە، بەڵام من وتۆ ئەمرۆ ئەبێ چاکەکانی خۆمان بژمێرین، چونکە خراپەکانمان زۆرن ولەژماردن نایەن. جا ئەوان خراپەیان کەم بوو چاکەیان

زۆربوو، بۆیە بەدوای خراپەکانیان دەگەڕان، بەلاّم ئێمە خراپەمان زۆرە چاکەمان کەمە بۆیە ئەبێ بەدوای چاکەکانی خۆماندا بگەڕێین بلێین ئەوەمان کرد وئەوەمان کرد.

کەواتە با چاو لە پێشینانی خۆمان بکەین وبەڕاستی نەفسی خۆمان بفرۆشین بەخوا.

تەماشای نمونەیەکی تری پرشنگدار بکەن لە نەفس فرۆشتن بەخوا، لەوانەی خوا لە بارەیانەوە ئەفەرموێ: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْرِي نَفْسَهُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ رَءُوفٌ بِالْعِبَادِ﴾، واتە: ((هەیە لە خەڵك کە نەفسی خۆی دەفرۆشێ لە پێناو ڕەزامەندی خوا، بێگومان خواش بەرامبەر بەندەکانی بە بەزەیی ومیهرەبانە)).

تەماشای عەمری کوڕی جەموح بکەن کە گوێی لە پەیامبەری خوا ﷺ دەبێت ئەفەرموێ: تێبکۆشن وجیهاد بکەن بۆ بەدەستهێنانی بەهەشتانێك کە پانتاییەکەی پانتایی ئاسمان وزەویە. ئەنەس ئەم حەدیسە ئەگێڕێتەوە -وەکو لە بوخاری وموسلیمدا هاتوە- وئەفەرموێ: « ... فدنا المشركون، فقال رسول الله ﷺ: قوموا إلى جنة عرضها السموات والأرض، قال عمير بن الحمام الأنصاري: يا رسول الله جنة عرضها السموات والأرض؟! قال: نعم، قال: بخ بخ يا رسول الله، فقال رسول الله ﷺ: ما يحملك على قولك بخ بخ؟ قال: لا والله يا رسول الله إلا رجاء أن أكون من أهلها، قال: فإنك من أهلها. فأخ تمرات ٍ من قرنه فجعل يأكل منهن ثم قال: لئن أنا حييت حتى آكل تمراتي هذه إنها لحياة طويلة. قال

فرمى بما كان معه من التمر ثم قاتلهم حتى قتل».

جا عەمریش کە گوێی لێبو، وتی: بەهەشتێك پانتاییەکەی پانتایی ئەرز وئاسمانە؟ فەرمووی: بەڵێ، ئەویش وتی: بەه بەه ئەی رسول الله ﷺ، فەرمووی: ئەی عەمر چی وات لێ ئەکا بڵێی بەه بەه؟ وتی: ئەی رسول الله ﷺ تەنها بە ئومێدی ئەو بەهەشتەوە وام وت، لە بۆ بەهەشت وام وت، فەرمووی: دە ئەی عەمر مژدەت لێ بێ تۆ بەهەشتیت ! ئەویش چەند خورمایەکی لە گیرفانەکەی دەرهێنا ولێی دەخوارد، دانەیەك ودوانی خوارد وسەیرێکی ناو دەستی خۆی کرد ووتی: ئەگەر بژیم تا ئەو چەند دەنکە خورمایە تەواو بکەم ئەوە ژیانێکی دوورودرێژە، بۆیە ئەڵێ خورماکانی فڕێدا دەستی کردە شەڕکردن تاوەکوو کوژرا)).

تەماشای نمونەیەکی تری پرشنگدار بکەن: هەر لە ئەنەسەوە هاتوە لە بوخاری وموسلیمدا، ئەڵێ:

«قال: غاب عمي أنس بن النضر عن قتال بدر، [فشق عليه]، فقال: يا رسول الله! ﷺ غبت عن أول قتال قاتلت المشركين، لئن الله أشهدني قتال المشركين ليرين الله ما أصنع، [قال: وهاب أن يقول غيرها]، فلما كان يوم أحد انكشف المسلمون، فقال: اللهم أعتذر إليك مما صنع هؤلاء -يعني أصحابه- وأبرأ إليك مما صنع هؤلاء -يعني المشركين-، ثم تقدم واستقبله سعد بن معاذ، فقال: يا سعد بن معاذ الجنة ورب النضر إني لأجد ريحها من دون أحد، فقال سعد فما استطعت يا رسول الله ما صنع، قال أنس: فوجدنا به بضعاً وثمانين ضربةً بالسيف أو طعنة برمح أو رمية بسهم، ووجدناه

قد قتل ومثل به المشركون،فما عرفه أحدٌ إلا أخته ببنانه، قال أنس: كنا نرى ونظن أن هذه الآية نزلت فيه وفي أشباهه ﴿مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ﴾ إلى آخر الآية الأحزاب ».

ئەنەس ئەڵێ: ئەنەسی کوڕی نەزر مامم لە شەڕی بەدر دواکەوت، زۆر قورس بو لەسەری، بۆیە وتی: ئەی پەیامبەری لەیەکەم جەنگتدا لەگەڵ کافران ئامادە نەبوم، ئەی پەیامبەری خوا واللە ئەگەر ئەم جارە جەنگ بکەی خوا بزان چی دەکەم ! ئەڵێ: جا نەیوێرا لەوە زیاتر بڵێ. ئەڵێ: لە شەڕی ئوحود بەشداری کرد بینی موسڵمانان کشانەوە، بۆیە وتی: خوایەگیان من داوای لێبوردن دەکەم لەوەی ئەمانە کردیان -یانی موسڵمانان- وبەریئم لەوەی ئەمانە دەیکەن -یانی کافران-، پاشان مەردانە ڕۆیشتە پێشەوە بەرەو ناوجەرگەی جەنگەکە، لەوکاتە سەعدی کوڕی موعازی پێدەگات ئەڵێ ئەی سەعد واللە ی بۆنی بەهەشت دەکەم لەولایەی کێوی ئوحودەوە بۆنەکەی دێت، پاشان شەڕ دەکات تا دەکوژرێت، ئەڵێ: واللە ی ئەوەندەی لێئەدرێ تەماشا دەکەن حەفتا وقسور شوێنی تیر وڕم وشمشێری پێوەیە، تەنانەت کەس نایناسێتەوە خوشکێکی نەبێ بە نوکی پەنجەکەیەوە دەیناسێتەوە، ئەنەس ئەڵێ: جا ئێمە وامان دەزانی ئەم ئایەتە لەسەر ئەو هاوشێوەکانی دابەزیوە ﴿مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُمْ مَنْ قَضَى نَحْبَهُ وَمِنْهُمْ مَنْ يَنْتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا﴾».

سەلەف ئاوها بوون، نەفسی خۆیان ئەفرۆشت بەخوا، جا نەفسمان موڵکی خۆمان نیە هی خوایە.

* یەکێك لەسەلەف پێیان وت بۆ ئەوەنــە عیبــادەت ئەکــەیت وخـۆت شەکەت ئەکەیت؟ بۆ ئەوەنە نارەحەتی ئەکەی؟ وتی: نارەحەتی ناکەم بەڵکو ئاسودەییم دەوێت: «(راحتها أريد)» من راحەتی نەفسم ئـەوێ لـە قیامەتـدا، بۆیە لەژیانی دونیا ئەزیەتی ئەدەم تا نارەحەتی قیامەتی لێ دوور بخەمەوە.

پیاوچاکانی ئێمە ئاوها بون، ئاوها نەفسـی خۆیـان بـە خـوا سـبحانە دەفرۆشت: دەستیان بۆ حەرامەکان نەدەبرد، ئەیوت هی خۆم نیە هی خوایە، ئەو دەستە خوا پێیداوم، چۆن بۆ حەرامی ئەبەم ؟! ئەو چـاوە خـوا پێیـداوم چۆن سەیری حەرامی پێدەکەم !

## تەوبەی گەنج لای خوا خۆشەویسترە

گەنجەکان.. دەی تەوبە بکەن ونەفستان پێشکەشـی خـوا بکـەن، بـڕوا بکەن تەوبەی ئێوە زۆر لای خوا خۆشەویسـترە لـە تەوبـەی ئیختیـار وپـیر وپەککەوتە وبە تەمەن، کاتێك کەسێکی بە ئیختیار وپـیر وپەککەوتـە وبـە تەمەن تەوبە بکات، بێگومان خوا پێی خۆشە، بەڵام گەڕانەوە وتەوبەی گەنج خوا زیاتری پێخۆشە وزۆرتر خۆشەویست ئەبێت لەلای.

بۆ؟ چونکە گەنجەکە داواکاری خراپ لە نەفسیدا هەیە، شـەڕی تیایـە، داواکاری تاوانی تێدایە، بەڵام وەڵامی ئـەو داواکاریانـە ناداتـەوە ونەفسـی بەخوا دەفرۆشێت.

بەڵام پیرەکـە لـەوە نـەماوە نەفسـی داواکـاری خـراپ بکـات -وەکـو گەنجەکە-.

هەروەها چۆن تاعەت وعیبادەت لە پیر جوانە، بەڵام لە گەنج جوانترە.

لەوانەیە لات ئاسایی بێت کە ببینیت پیرێك، بە تەمەنێك، نوێژ دەکات، ڕۆژو دەگرێت، شەونوێژ دەکات، ئەمەش جوانە.

بەڵام ئاسایی نیە کاتێك گەنجێك ئەبینیت ڕوو لە خوایە وتاعەت دەکات، نوێژ دەکات، ڕۆژو دەگرێت، شەونوێژ دەکات، زیاتر پێت جوانترە، زۆرتر دڵخۆش ئەبیت.

هەربۆیە تەوبە بکەن وبگەڕێنەوە بۆلای خوا جل جلالە، خوای تعالی تەوبەی ئێوەی زۆر پێخۆشە، پەشیمان بونەوەی ئێوەی زۆر پێخۆشە، بۆ؟ چونکە ئێوە داعی خراپ لە ناختاندا هەیە، بەڵام لەبەر خوا کپی دەکەن.

بۆیە مژدەی بەهەشت بۆ ئەو گەنجانە، وەك پەیامبەری خوا ﷺ ئەفەرموێ: ((سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ يَوْمَ لاَ ظِلَّ إِلاَّ ظِلُّهُ: الإِمَامُ الْعَادِلُ، وَشَابٌّ نَشَأَ فِي عِبَادَةِ اللَّهِ، وَرَجُلٌ قَلْبُهُ مُعَلَّقٌ فِي الْمَسَاجِدِ، وَرَجُلاَنِ تَحَابَّا فِي اللَّهِ اجْتَمَعَا عَلَيْهِ وَتَفَرَّقَا عَلَيْهِ، وَرَجُلٌ دَعَتْهُ امْرَأَةٌ ذَاتُ مَنْصِبٍ وَجَمَالٍ فَقَالَ: إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ، وَرَجُلٌ تَصَدَّقَ بِصَدَقَةٍ فَأَخْفَاهَا حَتَّى لاَ تَعْلَمَ شِمَالُهُ مَا تُنْفِقُ يَمِينُهُ، وَرَجُلٌ ذَكَرَ اللَّهَ خَالِيًا فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ)).

واتە: ((حەوت کۆمەڵ هەن، خوا سبحانە وتعالی دەیانخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆیەوە لەڕۆژێکا هیچ سێبەرێك نیە تەنها سێبەری عەرشی خوا نەبێ. یەکێك لەو حەوت کۆمەڵە: گەنجانن.

گەنجەکان.. لاوان.. لە ژێرسێبەری عەرشی خوان، لەسەر سفرە وخوانی خوان جل جلالە، لەکاتێکدا خەڵك لە مەحشەر لە ئارەق غەرق غەرق بون هەرکەسە وبەگوێرەی تاوانی خۆی، هەیانە تا تەوقە سەری غەرق بووە، لە ڕۆژگارێکدا کە خۆر بە ئەندازەی میلێك لە سەریانەوە نزیکە، خەڵك

ناڵەیانە، هاوار ئەکەن، پەنا بۆ پەیامبەرانی خوا دەبەن شەفاعەت بکەن، بەڵام تۆ لەو ڕۆژە لەژێر سێبەری عەرشی خوای، لەسەر سفرە وخوانی خوای سبحان وتعالی.

دەی ژیانت بفرۆشە بە خوا، گەنجێتیت بدە بە خوا، بە تاعەت، بە بۆ خوا صوڵحان، بە ڕووکردنە خوا.

لەبەر چی ئەو نیعمەتە لە دەستی خۆتی دەدەیت؟ بۆ چەند دەقەیەکی تەلەفون لەگەڵ ئافرەت؟ بۆ بۆچەند ساتێکی مەیخواردنەوە؟ بۆ ماڵی حەرام؟ بۆ ڕیبا خواردن؟ بۆ چەند ساتێکی کەمی خۆشی زینا؟ بۆ لەو ڕۆژە ئەو نیعمەتە مەزنە لە دەست خۆتان دەردەکەن؟

دەی هێشتا لە ژیانی دونیایە، ماڵی چاندنە، بەڵام قیامەت ماڵی دروێنەیە، ئێستە چی دەچێنی لەوێ ئەیدوریتەوە، هەربۆیە چاك بچێنن، تا چاك بدورێننەوە، چاك ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی لەو ڕۆژە ڕوو سپی بن، لەو ڕۆژەی کە هەمو بۆ توسقاڵێ ڕوناکی ئەگەڕێن، بۆ ئەوەی پێی لە پردی سیرات بپەڕێتەوە.

ئا لەو ڕۆژە نوێژخوێنان ناوچاویان دەدرەوشێتەوە، ئەگەشێتەوە لە دەست نوێژیاندا، پێم ناڵێی ئەگەر نوێژ ناکەی بەچی چاوەڕێی ڕوناکی ئەکەی؟

ئەگەر نەفست نەفرۆشتبێتە خوا کە یەکێك لەوانە نوێژ کردنە، بەچی چاوەڕێی نور دەکەی لە الله کە پێی لەسەر پردی سیرات بپەڕێیتەوە وبەرەو بەهەشت بڕۆی؟ ئەگەر نورت پێ نەبێت لەسەر پردی سیرات ناپەڕیتەوە،

نورت پێویستە چوونکە ئەوێ هەمووی تاریکیە، لە قیامەت ئەو کەسە بەرچاوی ڕۆشنە کە لە ژیاندا بەرچاوی ڕۆشن بێت بە قورئان وبە سوننەت.

## بۆ ئەو ڕۆژە خۆتان ئامادەبکەن

بۆ ئەو ڕۆژە خۆتان ئامادە بکەن کە خوای سبحانە وتعالی ﴿فَكَيْفَ تَتَّقُونَ إِن كَفَرْتُمْ يَوْمًا يَجْعَلُ الْوِلْدَانَ شِيبًا﴾ [المزمل:١٧]، واتە: «چۆن خۆتان دەپارێزن ئەگەر کوفری خوا بکەن، لە ڕۆژێکدا کەوا مندالّ سەری سپی ئەبێت، پیر ئەبێت لە ناڕەحەتی ڕۆژی قیامەت».

خۆتان بۆ ئەو ڕۆژە ئامادە بکەن، خۆتان لە دۆزەخ بپارێزن، کە خواردنیان ئاگرە خواردنەوەیان ئاگرە، جێگەی ژێریان ئاگرە، بەتانی سەریان ئاگرە، ئاسمانی سەرەوەیان ئاگرە، بۆیە خۆتان لەو دۆزەخە بپارێزن خوا بمان پارێزێت ﴿وَإِن يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَاءٍ كَالْمُهْلِ يَشْوِي الْوُجُوهَ﴾ [الكهف:٢٩]، کاتێك کە داوای ئاو ئەکەن، ئاوێکیان پێ دەدرێ تەنها هەڵمەکەی دەم وچاویان دەسوتێنێت ودەتاوێنێتەوە، هەمووی دائەچۆڕێ وپێستی پێوە نامێنێ خوا ﴿بِئْسَ الشَّرَابُ وَسَاءَتْ مُرْتَفَقًا﴾ [الكهف:٢٩].

خواردنەکەیان «الضریع»ـە، جۆرە دڕکێکە لە دوورگەی عەرەب سەوز دەبێ.

ئیبن عەبباس دەفەرموێ: لە قوڕگیان گیر ئەکا، نە ئەوەتا بڕواتە خوارەوە نە ئەوەتا دەربچێ، لەو شوێنە خۆتان بپارێزن خوا بمان پارێزێت، شتێك پێشخەن بەو ئێوە بپارێزێ ﴿لَهُم مِّن جَهَنَّمَ مِهَادٌ وَمِن فَوْقِهِمْ غَوَاشٍ﴾

دۆشەکەکەی ژێریان ئاگرە و بەتانیەکەی سەریشیان هەر ئاگرە بۆ ئـەو ڕۆژە خۆتان ئامادەبکەن بـۆ ئـەو ڕۆژەی ئەڵێن: ﴿وَنَادَوْا يَا مَالِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ﴾ [الزخرف:٧٧]. هاوار ئەکەنە دەرگاوانی جەهەننەم: ئەی مالیك بێزار بووین داوا بکە لە خوا با ڕزگارمان بکات وبمان کوژێت. ئـەویش وەڵامیـان ئەداتـەوە وئەڵێ: ﴿إِنَّكُم مَّاكِثُونَ﴾ ئیوە هەتا هەتایە ئەمێننەوە لە ناو دۆزەخدا.

جا ئا لـەو سەرشـۆڕیە خۆتـان بپـارێزن خـوا بمـان پارێزێـت، بشـزانن سەرشۆڕی ئەوە نیە لە دونیادا سوك وسۆڵ بیت، ئەوەنیە تیپەکـەت بـدۆڕیٚ، سەرشۆڕی ڕاستەقینە ئەوەیە لە قیامەتـدا پێـت بڵـێن: بـیٚ دەنگبـە ئەمـە جێگاتە بۆ هەتا هەتایە، جا خۆتان بۆ ئەو ڕۆژە سەختە ئامادەبکەن، خۆتان لەو ئاگرە دۆزەخە بپارێزن، کە لەساحەی مەحشەردا ٧٠٠٠٠ حەفتا هـەزار جڵەوی هەیە، هەر جڵەوێکی ٧٠٠٠٠ هەزار فریشتە ڕایئەکێشیٚ ! ئەڵیٚ کوا خۆبەگەورە زانەکان؟ کوان «جبار»ەکان؟ کوان «متکبر»ەکان؟ ئەمڕۆ من بۆ ئەوان ئامادەم.

پێغەبـەری خـوا ﷺ ئەفـەرمووێت: کاتێـك دۆزەخ لـە دورەوە دێـت، خەڵکی وا ئەزانن سەرابە، وەکو دەریا دیارە کە نزیك ئەبێتەوە ئینجا ئەزانن ئەوە دەریا وسەراب نیە ئەوە دۆزەخە، ئەفەرمویٚت: ئەوسا کافرەکان دەخرێنە ناویەوە وئەویش ئەڵیٚ: زیاتر هەیە؟ داوای زیاتر ئەکا ئاگری دۆزەخ خۆتان.

دەی ئـا لـەو ڕۆژە خۆتـان بپـارێزن، لـەو دۆزەخـە بپـارێزن، کـە دۆزەخیەکانیش پەلامار ئەدەن لە دەرگاکانی دۆزەخەوە بێنە دەرەوە، ئەوسـا

مەلائیكەت ئاسنێكی توندی پیادەكێشن، لێدانێك لێی ئـەدا ئەگـەر لەبـەر ئەوە نەبێ مردنی لەسەر هەڵگیراوە دەیكوژێت.

دەی گەنجەكان نەفستان بفرۆشن بە خوا وبەهەشتی پێبكڕن ولەو دۆزەخە دووربكەونەوە، سەربانەكەی داخراوە وگیراوە دەرگای دەرچـوونی نیـە ﴿إِنَّهَا عَلَيْهِم مُّؤْصَدَةٌ﴾ [الهمزة:٨]، یانی: «مُطبَقَة، مُغلقةَ» واتـە: دەرگاكـانی لەسـەریان داخراوە وقـوفڵكراوە، دەی خـۆت لـەو شـوێنە بپـارێزە خـوا سـبحانە بمـان پارێزێت.

خۆت لەو ئاگرە بپارێزە كـە پەیامبـەری خـوا صـلی الله علیـە وسـلم ئەفەرمووێت وەكو لە بوخاری وموسلیمدا هاتوە: «نارُكم جزءٌ من سبعينَ جزءًا من نارِ جهنَّمَ. قيل: يا رسولَ الله، إن كانتْ لكافيةً، قال: فُضِّلَتْ عليهنَّ بتسعةٍ وستينَ جزءًا، كلُّهنَّ مثلُ حَرِّها»، واتە: ئەم ئاگرەی دونیاتان بەشێكە لە حەفتا بەشـی ئاگری جەهەننەم، وتیان ئەی پەیامبەری خوا: خۆ ئەگەر هە ئەوەندەی ئەوەی دونیا بوایە بەس بو، فەرموی: بەڵكو شەست ونۆ جار فەزڵدارتر وبە ئێشـترە وبە تینترە، هەر بەشێكی وەكو ئەوەی دونیا وایە»

ئەو دۆزەخەی چەند ساڵ گەرم كراوە تا سپی بووە دواتـر ئەوەنـدەی تـر گەرم كراوە تا ڕەش بووە، بۆیە ئاگرەكەی ئێستا ڕەشە.

خۆتان لە ئاگرێك بپارێزن كـە سـوتەمەنیەكەی لـەبری خـەڵوز: مـرۆڤ وبەردە -خوا بمان پارێزێ- ﴿فَاتَّقُوا النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ﴾ [البقرة:٢٩]،

سوتەمەنیەکەی من وتۆین ئەگەر خۆمان نەپاریزین، خوایە بە فەزڵی خۆت مان پارێزی.

بۆچی لەبەر ژیانی دونیا، لەبەر چەند ساتێکی کەم ئەو بەهەشتە نەبڕاوە ئەدۆڕێنی؟ بۆخۆمان بدۆڕێنین؟ بۆ تەنها لە ڕەمەزاندا ڕوو لە خوا ئەکەیت؟ بۆ تەنها ڕەمەزانە دێینە مزگەوت؟ نەخێر کەسێك بەهەشت بەدەست ناهێنێ تا نەفسی خۆی نەفرۆشێتە خوا بە تەوحید وعیبادەتی.

## خۆشی، خۆشی بە دوایدا ناهێنێ

خۆشەویستەکانم.. برا وخوشکە بەڕێزەکانم.. موسوڵمانە بەڕێزەکان..

خۆشی، خۆشی بەدوای خۆیا ناهێنێت! ئەمە یاسا وسوننەتی ئەم ژیانەیە خوا سبحانە وای بۆ داناوە، دونیا خوا سبحانە وا دروستی کردوە، گەر ئەتەوێت بگەیت بە خۆشی ئەوا ئەبێت ناخۆشی ببینیت، نارەحەتی ببینیت، ناخۆشی خۆشی بە دوای خۆی دەهێنێت، بەڵام پاڵ لێدانەوە وئیسراحەت هەرگیز ناتگەیەنێت بە ئامانج ومەبەست. بۆیە لە دونیا لە ئیسراحەت وپاڵ لێدانەوە بیت هەمیشە، ئەوا دڵنیابە لە قیامە تلە ئیسراحەت نابێت، تەماشای پەیامبەری خوا بکەن ئەفەرموێ، خوای گەورە فەرمویەتی: «وَعِزَّتِي لاَ أَجْمَعُ عَلَى عَبْدِي خَوْفَيْنِ وَلاَ أَجْمَعُ لَهُ أَمْنَيْنِ: إِنْ أَمِنَنِي فِي الدُّنْيَا أَخَفْتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَإِنْ خَافَنِي فِي الدُّنْيَا أَمَّنْتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ»[1]، واتە: بە عیززەتم نە دوو ترس، نە دوو دڵنیایی لەسەر بەندەکەم کۆ ناکەمەوە، ئەگەر لە دونیا لە

---

[1] حديث صحيح، رواه المنذري في الترغيب والترهيب، وصححه الألباني في الصحيحة.

سزام دڵنیا بێت وپاڵی لێدابێتەوە وبێ باك بێت لە سـزام، ئـەوا ئـەبێت لـە ڕۆژی قیامەتدا بیترسێنم، وئەگەر لە دونیادا لێم ترسا ئەوا لەڕۆژی قیامەتدا دڵنیای دەکەم ولە سزا دووری دەخەمەوە )).

هەربۆیە ئەگەر بتەوێ دونیات هەر ئیسراحەت بێ وئاخیرەتیشـت هـەر خۆشی وئیسراحەت بێ ئەوا شتی وا نابێت، یا ئیسراحەتی دونیا یا خۆشـی ئاخیرەت. ئەگەر لە دونیا ئەترسی لە خوا وچـاوەکانت فرمێسـك لـە ترسـی ئەڕێژێت، ئەوا مژدەت لێ بێت ئەو چاوانە دۆزەخ نایسوتێنێ.

بۆیە ئاگاتان لە دڵەکانی خۆتان بێت، ئاگاتان لە نەفس ودەرونی خۆتان بێت، ئاگاتان لە چاوی خۆتان بێ، ئاگاتان لە دەستەکانتان بێت، بۆ حەرامی نەبەن ئاگاتان لە گشت ئەندامەکانی لەشتان بێت ئەوە ئامانەتە وهی خۆتان نیە، ڕۆژێك دێت لێپرسینەوەتان لەگەڵ دەکرێ لەسەر ئەوانە وهەمووی هی خوان وبە ئەمانەت بەتۆ دراون وپرسیارت لێ ئەکرێ لەسەری وموحاسـەبەت لەگەڵ ئەکرێ لەسەری.

خـوا سـبحانە داوای شـوکری نیعمەتـەکانیت لێ ئـەکات کـە پێـی بەخشیوی.

ئەی خۆ ئێمە هەرچیمان هەیە هەمووی هی خوایـە ونیعمـەتی خوایـە بەسەرمانەوە، کەواتە لە ئێستاوە وەڵامی ئەو پرسیارە ئامادە بکە و وەڵامی دروستیش ئامادە بکە.

چیمان کردوە لەبەرامبەر نیعمەتەکانی خوا؟ چیمان کردوە بۆ وەلامی ئەو نیعمەتانەی خوا کەپێی بەخشیوین چۆن شوکرانەی الله مان کردووە جل جلالە؟

ئەی کاتی ئەوەنی یە بگەڕێیتەوە؟ بە نەفست بڵێی ئەی نەفس ئەگەر ڕەمەزان نەگەڕێمەوە ئەی کەی بگەڕێمەوە؟ تاکەی بەرە وحەرام بڕۆم؟ تاکەی دەست بۆ حەرامەکان بەرم؟ تاکەی بۆ خوا نەصوڵحێم؟ تاکەی ئەبێ لەخوا دووربکەومەوە؟ تاکەی هەوڵ بۆ ئەم دونیایە؟

چەند شەو وڕۆژ بەسەر ئەبەین، ئاخر شەو وڕۆژ بەڵگەی ئەوەیە کەوا ژیان تەواو ئەبێ، ژیانمان بژمێرە کە بەسەدان شەو وڕۆژمان تێپەڕاندوە، دەی ژیانی دونیاش هەر شەو وڕۆژێکە هەر هەمومان لەناو ئەچین.

چەند بەهار وچەند هاوین وچەند پایز وچەند زستانمان بەڕێ کردووە؟ ژیان هەروەرزێکە، ئینجا تەواو ئەبێ وکۆتایی دێت.

چ ژیانێك دڵت پێ خۆشە بەیانی کە ڕۆژ ئەکەیتەوە هەتاوەکوو ئێوارە نازانی چی ئەکەیت، لە خۆت ناپرسیت باشە بۆ ئەبێ ژیانی من وەکوو ژیانی ئاژەڵەکان بێت؟

بەڵام موسوڵمان لە ژیانیدا بێبەرنامە نیە بێ پلان نیە، ئەزانێ ڕۆژگاری خۆی چۆن ئەباتە سەر، چیبکا خوا لێی ڕازی ئەبێ، چیش بکا خوا لێی توڕە ئەبێ، ئەوسا بە وریاییەوە هەنگاو دەنێت.

هیوادارم وداواکارم بڕیارت دابێ تەوبە بکەیت وبگەڕێیتەوە بۆلای پەروەردگارەت سبحانە وتعالی، ولە ناخەوە وتبێتت: بەڕاستی کاتی ئەوە

هاتووە بگەڕێمەوە بۆلای پەرستراوە مەزنەکەم الله جل جلالـە، و وتبێتـت: ئەگەر لە ڕەمەزان تەوبە نەکەم ئیتر کەی تەوبە بکەم؟

وا ئیتر ڕەمەزان تەواو ئەبیٚ، وا ماڵئاوایی دەکات.

وا بەرەو جەژن ئەڕۆین، ئەو جەژنە ناڵێم کـە تێیـدا خـەڵك جلوبـەرگی جوان لەبەر دەکەن، نەخێر بەڵکو جەژنی ئەوانە ئەڵێم کە خوا لێیـان خـۆش بوە -خوایە گیان لێمان خۆشبی-، جەژنی ئەوانـەی خـوا سـبحانە عـەفوی کردون، جەژنی ڕەمەزان جەژنی ئەوانەیە. جەژنی ئەوانەیە عیبادەتیان کـرد وپاداشتەکەیان وەرگرت.

ئاخر چۆن جەژن بێت بۆ کەسـانێك خـوا لێیـان خـۆش نـەبوبێت، کـە پەیامبەری خوا ﷺ ئەفەرمویٚ: «ولله عُتَقاءُ من النار وذلك كلَّ ليلةٍ»[1]، واتـە: «هەموو شەوێك خوای مـەزن کۆمـەڵێك لـە بەنـدەکانی لـە دۆزەخ ڕزگـار دەکات». ٣٠ سی شەو تێپەڕ بێت وهەمو شەوێکیش کۆمـەڵێك لـە دۆزەخ ڕزگار کرا بێت وتۆی تێدا نەبیت لەبەر ئـەوەی شایسـتە نـەبوويت. ئـيتر چ دڵێکمان بە جەژن خۆش بیٚ؟ بەڵکو ئەبێت بگرین بۆ حاڵی خراپی خۆمان -خوایەگیان حاڵمان باش بکەیت-.

چ دڵێکمان خۆش بیٚ کە ڕۆژووەکانمان لیٚ قبـوڵ نـەکرابیٚ وخۆشمـان لـە خواردن وخواردنەوە گرتبێتەو،ە ولە هاوسەر خۆمان گرتبێتەوە.

خوایەگیان وامان لێبکەی تۆ لێمان ڕازی بیت.

---

[1] حديث صحيح، رواه الترمذي وحسنه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب.

## حەزئەکەیت بزانی خوا لێت خۆش بووە یان نا؟

ئەگەر حەز ئەکەیت بزانی خوا لێت خۆش بووە یان نا، ئەوە تەماشای دڵەکەی خۆت بکە بزانە:

- ئەم ڕەمەزانە هەستت بە گۆڕانکاری کردووە؟
- هەستت بە نەرمی دڵ کردووە؟
- بزانە دوای ڕەمەزان ٦ شەشرۆژی سوننەتی مانگی شوال ئەگریت؟
- بزانە دوای ڕەمەزان ئامادەیی ئەوەت تیایە گوێڕایەڵی فەرمانەکان بیت.
- تاقەتی ئەوەت هەیە بێیتە مزگەوتەکان؟
- بزانە دوای ڕەمەزانیش لە ماڵەوە شەونوێژ وتەراویحەکانت ئەکەیت؟
- هەست ئەکەیت هەڵپە وپەلاماردانت نەماوە بۆ حەرامەکان، بەڵکو ترسی خوات کەوتۆتە دڵ؟

بە گوێرەی ئەمانە تا چەند لە گیانتدا هەبو، ئەگەر چالاك وگورج وگۆڵ بویت ئەوە چاکتری ئەگەر مامناوەند بویت ئەوا چاکی خۆ ئەگەر گەڕایتەوە سەر باری ئەوسات وەك ئەوەی ڕەمەزانت نەدی بێت ئەوا خراپی خوا پەنامان بدات.

گەنجەکان توخخوا با هەر ڕەمەزانان نەبێت ڕو لە خوان ودێنە مزگەوتەکان، توخخوا با هەمیشە پیاوە پیرەکان نەبن ڕیزی یەکەمیان گرتوە، با ئێوەش لە ڕیزی یەکەم ببینرێن، ئەم ئیسلامە پێویستی بە گەنجە، بە چاکبونی گەنجەکانی پێش ئەکەوێ، سەرئەکەوێ، ئەگات بە ئامانج، بە

چڵەپۆپە، ئەگەر ئێوەی گەنج قۆڵی لێهەڵنەماڵن بۆ سەرخستنی ئەم ئیسلامە کێ قۆڵی لێ هەڵماڵێ ؟

ئەگەر ئێوە ئیسلام لەم سەرشۆڕی وزەلیلیەی ئەمڕۆ دەرنەکەن کێ دەریبکات؟ پێویستی بە ئێوەیە؟ پێویستی بە گەنجی وەك: «عبداللە ی کوڕی عەبباس وعبداللە ی کوڕی عومەر وعبداللە ی کوڕی مسعود وئەبو هورەیرە وعبداللە ی کوڕی عەمر وئەنەس وعائیشە»، پێویستی بە گەنجانێکی ئاوهایە قۆڵی لێهەڵماڵن.

ئەمانە هەمویان گەنجن کە ئێمە هەموو جارێ ئەڵێین عبداللە ی کوڕی عەمر وتی، یا عبداللە ی کوڕی عومەر وتی، یا عبداللە ی کوڕی عەبباس وتی، ئەبوهورەیرە وتی، عائیشە وتی، ئەمانە لە گەنجەکانی هاوەڵانن، حەدیس لە گەورەکانەوە کەمتر ڕیوایەت دەکرێت تا ئەمان، ئەم گەنجانە حەدیسەکانیان پاراستوە، ئەبوهورەیرە ئەوترێت کاتێك موسڵمان بوە شازدە ساڵێك تەمەنی بووە، عەبدوڵڵا کوڕی عومەر ویستویەتی خۆی ناونوس بکات بۆ غەزا هێشتا چواردە ساڵ بوە، ئەبو هورەیرە بیست وپێنج ساڵێ کبوە بەشداری غەزای کردوە لە دژی ڕۆمەکان، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود گەنجێك بوە بەڵام هەر لاقێکی لەسەر میزان لە کێوی ئوحود قورسترە.

کوا ئێوە چیتان کردووە گەنجەکان؟ چیتان کردوە بۆ ئەم ئیسلامە ؟ کوا زانستی شەرعیتان؟ کوا دەعوە وبانگەوازتان بۆ لای ئیسلام؟ کوا خەمخۆریتان بۆ ئەو خالك وئاو ودین وژینی میللەتتان، ئاخر لە قیامەت پرسیارت لێ ئەکرێ بزانێ ئەو لە شەت چەندێکیت لە گەنجێتی فرۆشت بەخوا؟ چەندێکیت

تەرخانكرد بۆ خزمەتی دینی خوا؟ وتت خوایە ئیتر ئەوە نەفسم هی تۆیە وهی من نیە لە چی بەكاری دەهێنیت لە خزمەتی دین خزمەتكارە ودەیكات.

ئەم ژیانە خۆشە، ژیانی خۆ بەخشینە خوا، وەرە تاقی بكەرەوە، وەرە، زۆر ڕیگات تاقیكردەوە، ئەمیشیان تاقی بكەرەوە، ڕێگای نەفسی خۆ فرۆشتنە خوا، ژیانێكە سوێند بەخوا ئەگەر بە شمشێر شەڕت لەگەڵ بكەن نایگۆڕیتەوە.

بۆ هەمیشە دەست بۆ حەرامەكان ئەبەیت؟ بۆ هەمیشە وائەزانی خۆشی لە حەرامدایە؟ خۆشی لە حەرامدا نیە، خۆشی لە گوێڕایەڵی فەرمانەكانی خوا ودووركەوتنەوەیە لە حەرامكراوەكانی، بەڵكو ناخۆشی وئێش وئازار وغەم وخەفەت لە حەرامدایە. توخخوا دوای حەرامەكە چەند نارەحەتی؟ كەسێك كە زینا ئەكات توخخوا دوای زیناكە چەند هەست بە سەرشۆڕی و سەركزی وپەشیمانی ئەكات؟ چەند خوا خوایەتی كەس شكی پێنەبات وكەس پێی نەزانێ؟

كەواتە مورتاحی عیبادەتی خوادایە، لە تەنیا كەوتنە لەگەڵ خوادا، لە قسەكردنە لەگەڵ الله جل جلالە، وەرە، وەرە تاقیەكی ئەم ژیانەش بكەرەوە، خۆ تۆ شەو تا بەیانی لەگەڵ ئافرەتدا قسە ئەكەیت؟ وەرە شەوێكیش تا بەیانی لەگەڵ پەروەردگارەكەتدا لەگەڵ پەرستراوەكەتدا قسەبكە، شەو تا بەیانی قسەی لەگەڵ ئەكەیت پارە سەرفەكەیت، وەرە، وەرە پارە سەرف

مەکە وشەوێك تا بەیانی لەگەڵ خوادا قسەبکە، لێی بپاڕێرەوە، موناجـاتی بکە، دوعا بکە، قورئان بخوێنە، نویژ بکە.

ئەوکاتە هەردوو لەززەتەکە تاقی بکەرەوە، تا بزانی کامـەیان خۆشـە، کامەیان ڕوت گەشاوە وسـپی دەکـات، کامـەیان نـەفس ودەرونـت ئاسـودە ومورتاح ئەکات.

## وەرن گەنجەکان وەرن

یەکێك لەو کۆمەڵانەی لە قیامـەت لـەژێر سـێبەری عەرشـی خـوان، «گەنجێك لە ناو عیبادەتی خوادا گەورە وپەروەردە بوو بێت»، تۆش گەنجیت چاوەڕێی چیت؟ تاکەی دوور ئەگریت ؟ وەرە پێشەوە.

وەرە، زۆر ڕۆیشتی بۆ ئەم سەنتەرەکە وئەوماڵەکـە، هەنـدێکیش وەرە بۆ مزگەوت وتێیدا بمێنەرەوە.

تەواو بو والحمد لله

❊❊❊ ❊❊❊ ❊❊❊

کورتە باسێك لەبارەی چاودێری خواوە...

## ئاگات لە موراقەبەی خوا بێت

ماوەی هەفتەیەکە زیاتر لە ٥ بۆ ٦ جار لەلایەن ئافرەتانەوە تەلەفۆنم بۆکراوە گلەیی لە مێردەکانی خۆیان ئەکەن! ئەلێن: هەرکاتێك دەوریان چۆڵ ئەبێت تەماشای فیلم ووێنەی خراپ ئەکەن !

یەکێکیان پێم ئەڵێ: مامۆستا مێردەکەم تەڵاقی خواردووە! یا الله لەسەر چی؟ لەسەر ئەوەی کە ئیتر سەیری شتی حەرام نەکا، بەڵام خۆی پێ نەگیراوە وسەیری کردووە! تەڵاقی خواردووە!

ئەوی تریان ئەڵێ توخوا مامۆستاگیان بەخوا گیرم کردوە بە دەستیەوە.

حدیسێکتان بۆ باسدەکەم وئەیهێنمەوە بیرتان، بەڵکو دڵی هەمومان بێدار بکاتەوە: لە سونەنی ئەبو داود وتورمزیدا هاتوە بە صحیحی لە حدیسەکەی سەوبان[1]: ئەڵێ: پەیامبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ: «لَأَعْلَمَنَّ أَقْوَامًا مِنْ أُمَّتِي يَأْتُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِحَسَنَاتٍ أَمْثَالِ جِبَالِ تِهَامَةَ بِيضًا فَيَجْعَلُهَا اللهُ عَزَّ وَجَلَّ هَبَاءً مَنْثُورًا»، «خەڵکانێك دەزانم لە ئومەتەکەم ئەوەندەی شاخەکان حەسەنات دەهێنن بەڵام خوا سوبحانە وتعالی هەمووی ئەدا بەبادا»، هەرچی ئەو کار وکردەوە چاکانە هەیە کە ئەوەندەی شاخەکانە با ئەیبات ! بۆیە سەوبان وتی: «يَا رَسُولَ اللهِ صِفْهُمْ لَنَا جَلِّهِمْ لَنَا أَنْ لَا نَكُونَ مِنْهُمْ وَنَحْنُ لَا نَعْلَمُ»

---

[1] حديث صحيح، رواه ابن ماجة وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب.

سەوبان ترسا و وتی یا رسول الله ﷺ وەسفی بکە بۆمان ڕوونی بکەرەوە بۆمان نەوەك لەوان بین وبە خۆمان نەزانین».

پەیامبەری خوا ﷺ فەرمووی: «أما إنهم إخوانكم ومن جلدتكم، ويأخذون من الليل كما تأخذون». فەرمووی: «خەڵکانێکن براتانن، ولە خۆتانن، نوێژ دەکەن چۆن ئێوە نوێژ ئەکەن، ڕۆژوو ئەگرن چۆن ئێوە ڕۆژو ئەگرن، بەڵکو زیاتریشی فەرموو، فەرمووی: شەونوێژیش ئەکەن»، ئەی خەلەلەکە لە کوێیە؟ «ولكنهم قوم إذا خلوا بمحارم الله انتهكوها». واتە: «بەڵام خەڵکانێکن کاتێك تەنیا ئەکەون لەگەڵ حەرامەکاندا دەستی بۆ ئەبەن، سنوری حەرامەکان دەشکێنن وئەیبەزێنن».

ئەی نوێژ خوێنی بەڕێز! ئەی موسوڵمانی بەڕێز! لەخوا بترسە ئەگەر لەو ساتەدا عەمری خوا بکەیت چی ئەڵێی ئەگەر بێنە سەرت وتەلەفزیۆنەکەت لەسەر شتی خراپە؟ خوایە پەنا دەگرین بە تۆ لە ئاخر شەڕی.

ئەڕۆیتە دوکانەکەیەوە فەقیرە نازانیٚ چۆن پەلاماری کۆنترۆڵەکەیدا ولایبا! ئەڕۆیتە ماڵەکیەوە نازانیٚ چۆن پەلاماردا ولایدا ! خۆ باسی تەنیایی هەر مەکە! خوایە پەنا دەگرین بە تۆ لە ئاخر شەڕی.

پێم ناڵێی مەجموعەی ئەوروپات بۆچیە؟ چ قەناتێکی تیایە لە نێلسات نیە؟ ئەگەر حەز وئارەزووی خراپەت نەبیٚ بۆ چیتە؟ بیسڕەوە ولایبدە وهەموو کەناڵە خراپەکانی نایڵساتیش لەگەڵێدا بسڕەوە؟

کەواتە خۆت هۆکاری، خۆت حەرامەکەت حازر کردووە بۆئەوەی هەرساتیٚ دەستت بۆی برد لەبەردەستت دا بێت، بۆیە بڕیار بدە وتەوبەی

یەکجارەکی بکە، هەر ئێستا ڕۆیشیتەوە ماڵەوە هەرچی کەناڵی خراپ هەیە یان ڕەوشت خراپ دەکەن بیسڕەرەوە ولایبدە یەکجارەکی..

بە تەنیا لە ماڵ مەمێنەوە کە ئەزانی نەفست لاوازە وتاوانت پێ ئەنجام ئەدات.

ئافرەت هەبووە بەپیاوەکەی وتووە بیکە بە خاتری خوا واز لەم کارە بهێنە، ئەگەر ئەزانی من تێرت ناکەم بڕۆ ژنێکی تر بهێنە بەس واز لەم کارە بهێنە، بەڵام وازی نەهێناوە ! کە حەزی لە دین ولە مزگەوت بو، جارێکیان خێزانەکەی ڕۆیشتۆتەوە ماڵ باوکی نزیکەی دوو ڕۆژێکی پێچو، نەهاتەوە، تەلەفونێکی کرد بۆ مێردەکەی کرد، بەڵام لە ناکاو تەلەفونەکە بڕا وچی بانگی کرد ئافرەتەکە گوێی لە دەنگی مێردەکەی نەما !

ئەوەبوو ئافرەتەکە لەگەڵ براکەی هات -بە تەنیا نا- چونکە پەیامبەری خوا ﷺ ئەفەرمووێت: ئەوە حەرامە بە تەنها لە ماڵ دەربچێت، ئەمەش دڵ پیسی نیە ! بۆ ؟ چونکە شەرعی خوایە جل جلالە، کە نابێ بە تەنیا لە ماڵ دەربچێت،

جا لەگەڵ براکەیدا هاتەوە بۆ بزانێ چی بووە؟

تەماشا ئەکات ئەمە پیاوەکەیەتی وڕووت وقوتە و تەلەفیزیۆنەکەش ئەوەتا لەسەر شتی خراپە وکۆنترۆڵەکەش بەدەستیەوەیەتی وکۆچی دوایی کردووە !

باشە بۆ سوپاسی خـوا ناکـەیت؟ کـە چـەنێ تەماشـات کـردووە وتـا ئێستاش خوا ئابڕوی نەبردوی بلێ: الحمد لله، وتەوبە بکە، ئەگەر بەو حاڵەوە بمردیتایە چیت وەڵامی خوات جل جلالە ئەدایەوە؟

هەبووە لەو ساتانەدا عەمری خوای کردوە، کە ویسـتویانە کۆنترۆڵەکـە دەربکەن لە دەستی، کۆنترۆڵەکەی بەررنەداوە تا ببێتـە شـاهید بەسـەریەوە ئەوە کۆنترۆڵەکەی دەستمە سەیری خراپە وحەرامم پێکرد، تا ببێتە عیبرەت بۆ غەیرە خۆی خوا پەنامان بدات.

کە تەوبەتکر خۆت لە هەرشتێك بە دووربگرە کە بەرەو تاوانت ئـەبات چوونکە نەفس زەعیفە، تەنیا لەماڵ مەمێنەوە ئەگەر ئەزانی ترسـت هەیـە وخۆت پێ ناگیرێت. هاوڕێیەتی کەسێك مەکە کە زیانی بۆت هەیـە وبـەرەو تاوانت ئەبات، وڕێگای تاوانت بۆ خۆشدەکات...

بانگەوازمان

١- گەڕانەوەیە بۆ قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی پەیامبەر (صلی الله علیه وسلم) و تێگەیشتن و کارکردن پییان بەو شێوەیەی کە سەلەفی صالح لێیان تێگەیشتوون و لە ژیانیاندا ڕەنگی داوەتەوە.

٢- پاك کردنەوەی تەواوی ئەو لایەنانە کە پەیوەستن بە ژیانی موسڵمانان لەسەرجەم دیاردەکانی هاوبەشی (الشرك) و جۆرەکانی و ووریا کردنەوەیان لە ترسناکی بیدعە و تێکڕای ئەو بیرو بۆچوونە پوچانەی کە تێکەڵ بە بیرو هۆشیان بووە هەروەها پاڵاوتن و جیاکردنەوەی سوننەتەکانی پەیامبەر (صلی الله علیه وسلم) لەو ڕیوایەتە (چەعیف) و هەڵ بەستراو (موچوع)ە بی بنەمایانەی کە ئایینی پاکی ئیسلامیان لەکەدار کردووە و بوونەتە پەرچ لەڕیی پێش کەوتنی موسڵمانان .

٣- پەروەردەکردنی موسڵمانانە لەسەر ئایینە ڕاستەقینەکەیان و بانگ کردنیانە بۆ کار پێکردنی و جوانکردن و ڕازاندنەوە (التحلی) یان بەتەواوی ئەو ڕەوشت و ئاکارە بەرزانەی کە ڕەزامەندی خوایان پی بەدەست دێ و مایەی بەختەوەری و سەرفرازی دونیاو دوا ڕۆژن .

٤- زیندوو کردنەوەی بیرو هۆشی ڕەسەن و دروستی ئیسلامییە لە ژێر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا لەسەر ڕێ و شوێنی پێشینانی چاکی ئەم ئەم ئوممەتە ئیسلامییە لەگەڵ لابردن و بنەبڕ کردنی هەموو جۆرە دەمارگیرییەکی مەزهەبی و حزبی کە بوونەتە مایەی پارچە پارچە کردنی موسڵمانان و دوور خستنەوەیان لەیەکتری و کۆسپ و تەگەرەن لەڕیی ڕەنگ دانەوەی برایەتی ڕەسەنی ئیسلامی.

٥- دانانی چارەسەری ئیسلامیانە بۆ تەواوی ئەو گیرو گرفتە هاوچەرخانەی کە لە ئارادان وەهەوڵدانە بۆ دەستە بەرکردنی ژیانێکی ئیسلامیانە لەسەر ڕێبازی ڕەسەنی پەیامبەر (صلی الله علیه وسلم) و هاوەڵە بەڕێزەکانی .